# وتووێژ لەگەڵ «نوریکۆ ماتسوئورا

21 Jun 2006

عەبدوڵڵا سەمەدی

نووریکۆ ماتسوئورا لە تۆکیۆ لە دایک بووە. خوێندنی باڵای لە ژاپۆن لە ڕشتەی مۆسیقادا تەواو کردووە. پاشان مامۆستای مۆسیقا بووە لە پلەکانی ناوەندیدا.



دوای چەند ساڵ چووتە ئەمریکا و لە شاری نیۆیۆرک دەورەی ڕۆژنامەوانی و وێنەگری دیوە و بە ناوی وێنەگر و ڕۆژنامەوان کاری کردووە. تا ئێستا سێ جار سەردانی مەهابادی کردووە. لە دوایین سەفەریدا داوام لێکرد وتووێژێکی لەگەڵ بکەم و باسی هەندێ لە کار و چالاکییەکانی لێ‌پرسم، زۆر بە حۆشحاڵییەوە قەبووڵی کرد و شەوی چوارشەمۆ 31ی جۆزەردانی 1385لە مەهاباد بە ماوەی چەند سەعاتێک وێکڕا دانیشتین و لە بابەت ئەو کارانەی کە پێوەندییان بە کوردستانەوە هەبوو قسەمان کرد. برایانی بەڕێزم سەید محەممەدی سەمەدی و عەبدولقادری سەمەدی وەرگێڕی ئینگلیسی بە کوردی و کوردی بە ئینگلیسیمان بوون، کە زۆر سپاسی هاوکاریی برایانەیان دەکەم.

**پرسیار– چۆن بوو کوردستانتان هەڵبژارد؟ ئایا ڕێکەوت بوو، یا دانستە؟**

**وەڵام – زۆر ڕێکەوت بوو. یەکەم جار لەگەڵ دۆستێکی ژاپۆنیی خۆم بە نیازی دیتن و وێنەگرتنی بەڕە و قاڵی و ئەو جۆرە کارە دەستکردانەی کە دەمانزانی لە تورکیا زۆرە سەردانی ئەو وڵاتەمان کرد. لەم سەفەرەدا ئاگادار کراین کە ناوەندی ئەم چەشنە کارە دەستکرد و ڕەنگاوڕەنگانە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە. بەم چەشنە ڕێگامان لە کوردستان کەوت. گەلێک شار و شارۆچکە گەڕاین. لە هۆتێلێکی بچووک مەنزڵمان گرتبوو، ڕۆژێک لە بەر دەرگای هۆتێل چاومان بە تانگێک کەوت. زۆرمان پێ سەیر بوو، و لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جار بوو کە لە نزیکەوە و بە واقیع تانگمان دەدی. لێی نزیک بووینەوە و ئیزنمان خواست کە چەند وێنەیەکی خۆمان لەگەڵ تانگەکە بکێشین. ئەوانیش زانیان کە توریستین و تا ئێستا لە نزیکەوە تانگمان نەبینیوە. ئیزنیان داین و تەنانەت چووینە ناو تانگەکەش. پاشان کە لە هۆتێل و چەند شوێنی تر لەم بارەوە پرسیارمان کرد چۆنە**

تانگ لە ناو شاردایە، زانیمان لە ناو تورکیادا گەلێک بە ناوی کورد دەژی و گیروگرفتێکی زۆریش لەم بارەیەوە بۆ هەر دوو لا هەیە. ئەوە بوو کە لە دوای سەفەرەکەم و گەڕانەوەشم بۆ ژاپۆن هەر بیرم لە کورد و کێشەکەی لە تورکیادا دەکردەوە. هەواڵەکانم گوێدەدایە و گۆڤار و ڕۆژنامەکانم دەپشکنی، هەروەها هەموو کات بەدوای زانیاری پترەوە بووم لەم بارەیەوە و تا ئێستاش بەردەوامم.

پرسیار – ئاواڵەکەتان چی؟ ئایا ئەو شتانەی لە سەفەری یەکەمتاندا بۆ کوردستان کاری لە تۆ کرد، شوێنی لەسەر ئەویش دانا؟

وەڵام – بەڵێ، ئەویش تا ئێستا چەند وتارێکی لەسەر کوردەکانی تورکیا لە ڕۆژنامەکانی ژاپۆندا بڵاو کردووەتەوە. ببوورە، با ئەوەش لەسەر وەڵامی پرسیاری پێشووتان زیاد بکەم کە، ئێستا کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە بە خۆشحاڵییەوە چوومە پەنا ئەو تانگە و وێنەم لەگەڵ کێشاوە، خۆم بە ساویلکە و نائاگا دێتە بەرچاو. چونکە بە ڕاستی حوزووری تانگ لە ناو شاردا شتێکی پڕ مەترسییە و هۆی کوژران وماڵوێرانی خەڵکە. بە تایبەت لەو بارەوە هەم ئیحساسی گوناه دەکەم و هەم شەرم دەمگرێ کە ئەو خەڵکەی بەوێدا ڕابوردوون و سەیری ئێمەیان کردووە کە دوو ئافرەتی ژاپۆنی وا بە خۆشحاڵی و پێکەنینەوە بە دەوری ئەو تانگەدا دێن و دەچن و وێنەی یادگاری دەکێشن، داخوا سەبارەت بە ئێمە چۆنیان بیر کردووەتەوە و لە دڵدا چییان پێگوتووین؟ چونکە ئێمە بۆ خەڵکەکە وەک نوێنەری ژاپۆن وا بووین. با ئەوەش بگێڕمەوە کە لە شاری «کەپادۆکیە» سەردانی ناوەندێکی مێژوویی و فەرهەنگیمان کرد کە زۆربەی توریستەکان سەردانی ئەوێیان دەکرد و زانیارییان لە بابەت زۆر شتەوە پێدەدرا. بەرپرسی ئەو ناوەندە پیاوێکی لێهاتوو و زانا بوو. بە تورکی و ئینگلیسی و ئیتالی و هەندێ زمانی زیندووی تریش کە ئێستا ناتوانم بە تەواوی دەستنیشانی بکەم، زۆر بە ڕەوانی و جوانی قسەی دەکرد و وەڵامی تەواوی دەدایەوە. من کە سەرم لەو پیاوە سوڕ مابوو، پرسیارم لێکرد: ئێوە کە بە سەر ئەم هەموو زمان و زانیارییانەدا زاڵن، خۆتان خەڵکی کوێن یا لە چ نەتەوەیەکن؟ هەندێ ڕاما و پاشان کاغەزێکی هەڵگرت و لە سەری نووسی «کورد». پاش ئەوەی بە منی نیشان دا، وشەکەی ڕەش کردەوە و بەوەش دڵی نەحەسایەوە و سووتاندی. ئەو ڕووداوە هەرچەند بۆ من شتێکی سەیر بوو و هەندێ پرسیاری لە زەینمدا دروست کرد، بەڵام هێشتا لە ئاستێکی وا دا نەبووم کە بە قووڵی لە کێشەی کورد تێبگەم.

پرسیار – کەوایە، بەڕێکەوت ڕێگاتان لە کوردستان کەوت. هەر بە ڕێکەوتیش لەگەڵ هەندێ شت ڕووبەڕوو بوونەوە کە هانی دان بیر بکەنەوە، بکۆڵنەوە و سەفەری تایبەتی بکەنەوە و ئەم و ئەو ببینن و زانیارییەکانتان زیاتر بکەن. تا ئێستا بە نووسین چیتان کردووە لەم بارەوە؟

وەڵام – ساڵی 2003 کتێبێکم بە زمانی ژاپۆنی چاپ و بڵاو بووە بە ناوی « سەفەر بۆ کوردستان، ئەو گەلەی لە تورکیادا دەژین و وڵاتێکیان نییە». هەروەها هەندێ وتاریشم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ژاپۆندا لەم بارەیەوە بڵاو کردووەتەوە. لە هۆڵی شارەداریی تۆکیۆ و هەندێک لە زانکۆکانی ژاپۆندا وتارم لەم بارەیەوە پێشکەش کردووە.

پرسیار – بەر لە ئێوە ئایا کەسێک یا کەسانێک هەبوون لە خەڵکی ژاپۆن، کە سەردانی کوردستانیان کردبێ و کتێبێکیان لەم بارەوە بڵاو کردبێتەوە؟



ڕووبەرگی کتێبی سەفەر بۆ کوردستان – ئەو گەلەی لە تورکیادا دەژین و وڵاتێکیان نییە

وەڵام – بەڵێ هەبوون، بەڵام کارەکەیان وەکی من بەربڵاو و تێر و تەسەل نەبووە. ڕەنگە هەندێ زانیاریی کەمیان بۆ ناوەندێکی تایبەت کۆ کردبێتەوە و لە جەغزێکی ناوخۆیی و بچوکیش دا بڵاویان کردبێتەوە.

پرسیار – کەوایە کتێبەکەی ئێوە دەبێتە یەکەم کتێبی ژاپۆنی کە دەربارەی کوردستان نووسرابێ و خەڵکی وڵاتەکەتانی بە کوردستان ئاشنا کردبێ؟

وەڵام – لە نەوعی خۆیدا، بەڵێ. چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەوانەی بەر لە کارەکەی من چاپ و بڵاو ببوونەوە زۆر بەر تەسک و بچووک بوون.[1]

پرسیار – ڕەنگدانەوەی ئەم کارەتان لە ژاپۆن چۆن بوو؟ واتە کتێبەکەتان لە ناو خەڵک چۆن وەرگیرا؟

وەڵام – خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد. لە دوای ئەم پێشوازییە، مێدیاکان و ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن چەندین وتووێژیان لەگەڵ پێک هێنام. ڕەخنەگران زۆر شتی باشیان لەسەر نووسی و وەکی کارێکی بەکەڵک و پێویست هەڵیانسەنگاند. لە ژاپۆن ڕەسم وایە کە ساڵانە

---

[1] لێرەدا پێویستە بە تایبەت لە دوو کەسی تر لە خەڵکی ژاپۆن ناو ببەم کە هەر ئێستا خەریکن لە بابەت فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە کار دەکەن و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریشیان دیوە:

یەکەم - پیاوێك بە ناوی یاماگوچی ئاکیهیکۆ کە لە 1993 خوێندکاری زانکۆی تۆکیۆ بوو، خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی ورد بوو لە بابەت بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. وەك لە دەقی نامەی 23ی مارسی 1993یدا کە بۆ سەید محەممەدی سەمەدی ناردووە، دەردەکەوێ، بەشێکی گرینگی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ ڕووداوەکانی دەیەی 1940 و کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

دوویەم – پیاوێکی تر بە ناوی ساتۆ شۆجین کە مامۆستای مێژوویە لە ژاپۆن. سەردانی پارچەکانی کوردستانی کردووە. لە سەفەری ساڵی پار (واتە هاوینی 1384)ی بۆ کوردستانی ئێران، بە ماوەی 3 ڕۆژ لە مەهاباد مایەوە. لێکۆڵینەوەکەی زۆرتر لەسەر فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی بوو.

لە بابەت و مەبەستە جۆراوجۆرەکاندا کتێبی ساڵ هەڵدەبژێردرێ، کتێبەکەی من لە کۆتایی 2003دا توانی پلەی کتێبی ساڵ وەدەست بێنێ. ئێستا وای لێهاتووە کە لە ژاپۆن خەڵک بە بیستنی ناوی کورد، ناوی منیان وەبیر دێتەوە. بە تایبەت لە دوای شەڕی عێراق کە هەواڵەکان بەردەوام باسی کورد دەکەن، خەڵک زانیاریی پتریان لە من دەوێ.

پرسیار – ئەم کتێبەتان تەنیا پێوەندیی هەیە بە کوردەکانی تورکیاوە، دیارە لە دوای یەکەم سەفەریشتان، ئێوە پێویست بوو چەند جاری دیش سەردانی تورکیا بکەنەوە و بە پێچەوانەی جاری هەوەڵ، ئەمجارانە بە تایبەت سەفەرەکەتان بۆ کوردستان بوو و لێکۆڵینەوە لە سەر کوردان. ئایا لەو ماوەیەدا گیروگرفتێکتان لە لایەن تورکەکانەوە بۆ نەهاتە پێش؟

وەڵام – (بە پێکەنینەوە) هەموو ئەو سەفەر و سەردانانەم هەر پڕ بوون لە گیروگرفت. تەنانەت دەبێ بڵێم هەموو ڕۆژەکان و گشت ساتەکانیشم.

پرسیار – کەوایە ئەگەر باس لەم تەنگ و چەڵەمانە بکەین، وا دیارە وا زوو نابڕێتەوە! دەکرێ ئاماژەیەک بکەی؟

وەڵام – بەڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی زۆر دوور و درێژ نەبێ، تەنیا گرینگترینی باس دەکەم: ڕۆژێکی بەیانی زوو ژاندارمە لە شیرناخ گرتمی، هەتا ئێوارەیەکی درەنگ بە پرسیاری سەیر و جۆراوجۆر هەڵیانپێچام، چەند جار کەلوپەلەکانیان پشکنیم. دەیانەویست بزانن من بۆچی زوو زوو سەردانی کوردستان دەکەم. من هەر دەمگوت توریستم و بۆ دیدەنی هاتووم. بەرپرسێک لوولەی دەمانچەکەی لە سەر لاجانگم ڕاگرتبوو و دەیگوت تۆ درۆ دەکەی، ڕۆژنامەنووسی و سەبارەت بە کوردان شت بڵاو دەکەیەوە. هەندێ دۆستی زۆر باشم لە تورکیا هەیە، ئەوان هاتن و بە زەمانەت ئەو شەوە ڕزگاریان کردم، بەڵام سبەی من و هاوڕێکانم براینە ناوەندێکی گەورەتری ژاندارمە. پاشی ماندوو بوونێکی زۆر ئەمجار دایانین بە دادگا.

پرسیار - کۆمەڵگای کوردانت لە تورکیا چۆن بینی؟ واتە لە ڕوانگەی ژاپۆنییەکەوە کۆمەڵگای کوردان لە تورکیا لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بوو؟

وەڵام – کۆمەڵگایەکی یەکدەستم نەهاتە بەرچاو. لە ڕوانگەی بیر و باوەڕەوە هەمەچەشن و جیاواز بوو. بیر و بڕوای دژ بەیەک و ڕەنگاوڕەنگ لە یەکەم هەنگاودا هەستی پێدەکرێ. بەڵام لە شتێکدا یەکڕەنگ و یەک دەنگن، ئەویش ئەوە کە هەموو خوازیاری ئەوەن وەک مرۆڤ سەیریان بکرێ.

پرسیار - هۆی هەڵبژاردنی کوردستانی ئێران بۆ دوویەم هەنگاوتان چی بوو؟ ئایا نیازتان وایە کتێبێکیش لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە بڵاو بکەنەوە؟

وەڵام – یەکەمجار لە تورکیا بیستم کە کوردستان هەر ئەو بەشە نییە کە من لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەم، بەڵکوو چەند بەشیشی لە وڵاتانی تردایە. هەر ئەو دەم بڕیارم دا دوویەم کتێبم تەرخان بکەم بۆ کوردستانی ئێران و پاشانیش بۆ وڵاتانی تر.

پرسیار – تا ئێستا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەتان سەردانی کوێتان کردووە؟ ئایا تەنیا تورکیا و ئێران گەڕاون؟

وەڵام – سەردانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریەم کردووە، کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان نەچووم. ئەوانیش دەبێ لە داهاتوودا ببینم. بەڵام ئەوەی کە بە تەواوی تێیدا گەڕابم و لێکۆڵینەوەم کردبێ، جارێ کوردستانی تورکیا و ئێرانە.

پرسیار – هەڵسەنگاندنتان لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵگایەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەتان تێدا کردووە، چۆنە؟ ئایا لەم بەینەدا جیاوازییەکتان بەدی کرد؟

وەڵام – لە ڕوانگەی بیانییەکەوە، کە سەر پێیی بە هەر دوو کۆمەڵگادا ڕاببرێ، فەرهەنگێکی ژوورتر لە ناو کوردەکانی ئێراندا بەدی دەکرێ؛ بەڵام داوەری لەم بەینەدا دژوارە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، کۆمەڵگای کوردان لە تورکیا یەکدەست نییە.

پرسیار – دیارە لە هەموو شتێکدا هەم جوانی هەیە و هەم ناحەزی؛جوانییەکان و ناحەزییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە بەرچاوتان کامانە بوون؟

وەڵام – بەڵێ لە هەموو جێگایەک ئەم دوو شتە هەیە و دیاردەیەکی سروشتیشە. کوردستانیش هەر وا. هەم لە تورکیا و هەم لە ئێران و هەم لە شوێنگەلی تر لەگەڵ هەر دوو لایەن ڕووبەڕوو بوومەوە، بەڵام لە کوردستاندا زۆر بە هاسانی لە لایەن خەڵکەوە وەرگیراوم. لە هەر شوێنێک کە زانیویانە من بیانیم، لە دڵەوە میوانداریيان کردووم، کار هاسانییان بۆ کردووم و لە هەمووش گرینگتر بڕوایان پێکردووم. هەڵبەت واش هەبووە کە لە دەردیسەریان هاویشتووم. بەڵام سەرجەم جوانییەکان لە کوردستاندا بەرچاوترن.

پرسیار – بیرەوەریی خۆش و ناخۆشتان لەم سەفەرانەدا؟

وەڵام – هەر دوو لایەنم زۆرە. پێشتر نموونەیەکم بیرەوەریی ناخۆش ئاماژە پێکرد؛ بەڵام ئاشکرایە کە بیرەوەریی خۆش و شیرینم ئەگەر زیاتر نەبوایە، نەمدەتوانی هێندە درێژە بە کارەکەم بدەم.

پرسیار – ئورووپاییەکان و ئەمریکاییەکان لە چەند سەدە لەمەوبەرەوە ئەم پەیوەندییانەیان لە گەڵ کوردان ساز کردووە و کۆمەڵێک کاری باشیشیان وەک: کۆ کردنەوەی فۆلکلۆر و نووسینی فەرهەنگی وشە و ڕێزمان و مێژوو و ... ئەنجام داوە، هۆی ئەوەی هیچ ژاپۆنییەک بەر لە ئێوە سرنجی بۆ ئەم لایەنە ڕانەکێشراوە، چییە؟

وەڵام – ڕەنگە مەسڵەحەتی ڕۆژ وا ڕێککەوتبێ کە ئەوان بەر لە ئێمە وەخۆ کەوتبن. یانی لەوانەیە کارەکەی ئەوان پێویستییەکی سیاسیشی لە پشت بووبێ؛ واتە نیازێکی وەک قازانج وەدەست هێنانیش لە گۆڕێدا بووبێ. لەوانەیە ئەو قازانج و مەسڵەحەتە بۆ ئێمەی ژاپۆنی، هەر لە نزیک و دەوروبەری خۆمان، واتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە هاسانی دابین بووبێ و ئیتر پێویست بەوە نەبووبێ کە ڕێگایەکی هێندە دوور ببڕین. یا ڕەنگە هۆی تریش هەبێ و من ئاگاداری نەبم.

پرسیار – هەڵبەت واش نییە کە هیچ ژاپۆنییەک بەر لە ئێوە نەهاتبێ، چونکە لە **1880** گەڕیدەیەکی ژاپۆنی بە ناوی «یوشیدا ماساهارۆ» هاتووەتە ئێران و سەفەرنامەیەکیشی نووسیوە و لە بەشێک لەودا باسی کورد و کێشەی کورد دەکا و هەندێشکیش لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدیللا دەدوێ.

وەڵام – بە داخەوە من ئاگاداری ئەوە نیم. (بە پێکەنینەوە) بەڵام دەکەومە شوێنی ئەو ناوە و سەفەرنامەکەی وەدەست دێنم.

پرسیار – وەک ئاگادار بن، ئایا لە وڵاتی ئێوە هەنگاوی هەندێ کاری تازە لەم بارەیەوە هەیە؟ یانی کەسانێک هەن کە خەریکی ئەدەب، زمان، مێژوو یا شتێکی کوردی بن؟

وەڵام – چەند کەسێک هەن. یەکیان ئەو ئاواڵەم کە باسم کرد و گوتم لە سەفەری یەکەممدا بۆ تورکیا لەگەڵم بوو و وەدوای بەرە و قاڵی کەوتبووین. یەکی تریش کەسێکە کە ساڵەها لەمەو بەر سەردانی کوردستانی کردبوو و هەندێ وردە شتی بڵاو کردبۆوە، ئێستا بە پێی ئەو ئاگادارییەی کە هەمە، سەر لەنوێ دەستی پێکردووەتەوە و خەریکە هەندێ کاری تازە ئەنجام بدا.

پرسیار – باسی کورد لە ژاپۆن، لە چ ساڵێک یا ڕووداوێکی تایبەتەوە دەستی پێکردووە؟

وەڵام – لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەی بووبێتە هۆی ئەوە کە باسی کورد بە بەربڵاوی بکەوێتە سەر زاری خەڵک و سرنجی هەموو چین و توێژێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، دوو بابەتی گرینگ بوون؛ یەکیان هەڵەبجە و ئەوی تریان پ.ک.ک

پرسیار- کورد و ژاپۆنی دوو گەلی ڕۆژهەڵاتین، دیارە جیاوازی زۆرە، بەڵام ڕەنگە خاڵی هاوبەشیش لە هەندێ شتدا هەبێ لە نێوانیاندا. ئایا ئێوە لەم سەفەرانەتاندا هیچ هاوبەشییەکتان بینی؟ ئەگەر – ئا- لە چ بوارێکدا؟

وەڵام – ڕاستە جیاوازی زۆرە؛ بەڵام خاڵی هاوبەشیش کەم نییە. من خاڵە هاوبەشەکان هەست پێدەکەم بەڵام بۆم نایەتە سەر زمان. ئەو خاڵە هاوبەشانە زۆرتر لە شتگەلی وەک گەورە و چکۆڵەیی، ڕێزدانان، هەندێ داب و دەستووری ناو ماڵ، دابەشبوونی پلە و پایەی ناو ماڵ بە پێی تەمەن و ئەوجۆرە شتانە دایە. هەروەها بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکان، ئێمە و کورد هەر دوو زوو پرێسکەی دڵمان دەکەینەوە. (لێرەدا فەرهەنگی وشەی ژاپۆنی بە ئینگلیسیەکەی دەردێنێ و بە

پەلە لە وشەیەک دەگەڕێ، دوای ماوەیەک وشەکە دەدۆزێتەوە و بە پێکەنینەوە دەڵێ: شەرمیونی، تەعاروف)، واتە ئەوەش یەکی تر لە خاڵە هاوبەشەکانی کورد و ژاپۆنییە.

پرسیار – بە ڕواڵەت لە مابەین « داب و ڕەسمە کۆنەکانی نەتەوەیی » و « سەنعەت و تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆ»دا دژایەتییەک هەیە؛ گەلی ژاپۆن چۆن توانیویەتی پێبەپێی پێشکەوتنە بەرچاوەکانی ئەمڕۆی لە سەنعەت و تەکنۆلۆژیدا، داب و ڕەسمە کۆن و ڕەسەنەکانی خۆی بپارێزێ؟

وەڵام – بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە دەرەوەی ژاپۆن خەڵک وا بیر دەکەنەوە، بەداخەوە وانییە. ئێمە نەمانتوانیوە داب و ڕەسمە ڕەسەنەکانی خۆمان بپارێزین، بەڵام ڕەنگە وەکی وڵاتانی پێشکەوتوو بە تەواویش لە دەستمان نەدابن. هەندێ کەس هەن کە زۆر بە تەنگ ئەو شتەوە هەن و هەوڵی زۆریشی بۆ دەدەن. هەروەها هەندێ ناوەندی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریش هەن کە بۆ ڕاگرتنی ئەو کەلەپوورە کار دەکەن و وریان کە ئەوەی ماوە لە کیس نەچێ.

پرسیار – دوور نییە لە بابەت کارەکانتەوە هەندێ پرسیاری گرینگم باس نەکردبێ؛ خۆتان لەم بارەیەوە دەخوازن چی بڵێن؟

وەڵام – پرۆژەی من بۆ داهاتووی ئەم کارەی دەستم داوەتێ، چوار هەنگاوە: هەنگاوی یەکەمم هاویشتووە و تەواو بووە، ئەویش ئەو کتێبەیە کە دەر بارەی کوردستانی تورکیا نووسیومە و بڵاوم کردووەتەوە. هەنگاوی دوویەمم کتێبێکە دەربارەی کوردستانی ئێران کە ئەویش ئەوە لە دوایین قۆناغی لێکۆڵینەوە دایە و لەوانەیە ماوەیەکی کورتی داهاتوو بچێتە ژێر چاپەوە. هەنگاوی سێیەمم کتێبێکە دەربارەی کوردستانی عێراق کە جارێ دەستم پێنەکردووە. دوایین هەنگاویشم ئەلبۆمێکی وێنە دەبێ لە تەواوی ئەو وێنە فۆتۆگرافییانەی کە تا ئێستا سەرجەم لە کوردستان و ژیانی کوردەواری هەڵمگرتووەتەوە. ئەو ئەلبۆمە تەنێ وێنە دەبێ و لەوانەیە هەر وێنەیەک دێڕێکی نووسراوە لە ژێر بێ و بەس. ئارەزووم ئەوەیە بتوانم پرۆژەکەم بە ئەنجام بگەیەنم. پرۆژەی هەرە گەورەشم، دۆستایەتی و ئاشتی و لێکنزیک بوونەوەی گەلانە.

پرسیار – زۆر سپاس بۆ قەبووڵ کردنی ئەم وتووێژە. سپاس بۆ هەوڵ و ماندوو بوونت لە پێناو ناساندنی گەلی ئێمە بە خەڵکی ژاپۆن. (ئەرینگاتۆ)

وەڵام – من گەلێکم پرسیار لە خەڵکی کورد کردووە و ئەوانیش بە ڕووی خۆشەوە وەڵامیان داومەوە. ئێستا خۆشحاڵم کە کوردێکیش پرسیار لە من دەکا. منیش سپاس بۆ ئەم وتووێژە. «بە زمانی کوردی»(زۆر سپاس، ماندوو نەبی).

---

ئەم وتووێژە لە ژمارە 65 ی گۆڤاری مەهاباد، ساڵی شەشەم، پووشپەڕی 1385، ل19-16 بڵاو کراوەتەوە.
MAHABAD Social Cultural & Literary Magazine No:65. Aug 2006